Dengekan

# بۆكوێ بڕۆم بەئاراستەی تۆدێمەوە

★ كاوەی خەسرەوكاوانی ★



سالآنێكە پالەوانی فلیمێكی
تراژید یای خۆشەویستی پڕلەخەمی ,
سالآنێكە بێ وویستی من ڕێگادەبڕی و
بێ ئاگایم لەگەڵ من دا تۆهاودەمی,
زۆرجاربڕیاری بێ هەڵوێست
دەردەكەم و دەڵێم بەلكو
تۆدووركەوی لە ڕێمەوە,
تۆئاوێتەی سەرتاپای وجودی منی
دلم خوی بەتۆگرتووە
بۆكوێ بڕۆی ,بۆكوێ بڕۆم
بەئاراستەی تۆدێمەوە.

★ ★ ★

سالآن دەڕوا و عیشقت لەگەڵ
هەنگاوەكانی تەمەنم هەنگاودەنێ
گەلێك جاران نا ئومێدی
وەنەوز بە ژینی من دەدا
بەلآم عیشقی مەزنی تۆ
لەنێوخەوی نائومێدی رامدەچەنێ

★ ★ ★

مەلت دیووە عاشقی هێلانەی نەبێ و
جێ بهێلێ لەسەرەتای وەرزی بەهار
لەكوێ دیووتە
گڕی جیابوونەوەی عیشق
رایبمالێ و بیشواتەوە هێزی ئازار.

★ ★ ★

خۆزگە دەبوومە باران و
تێرتێرجەستەم راموسیبای
خۆزگە تال تال برچی سەرتم
بەهەوەسی دلێ تێنووم

**شەنە پێ دەکردوەکو بای,**
**بەهێمنی هاتیەدڵم و**
**دڵت کردمەوەڵاتێکی داگیرکراو,**
**عیشقت روحمی کردە ماسی و**
**هیواش هیواش تۆش بووی بە ئاو.**